


# سلێمانی

کۆکردنەوە نووسین: مەنسوور تەها

سلێمانی  شارێکی باشووری کوردستانە کە ناوەندی پارێزگای سلێمانییە.  ئیبراهیم پاشای بابان لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٧٨٤ سلێمانیی دامەزراند،
هەر لە گواستنەوەی میرنشینی بابان لە قەڵاچوالانی سەخت و دوورە دەستەوە بۆ دەشتاییەکی فراوانی سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ بناغەی شار دامەزرا، بۆ یەکەم جار لەگەڵ بناغەی شاردا بناغەی مزگەوتی گەورە لێدراو کتێبخانەی میرنشین پاش تەواو بوونی مزگەوتی گەورە لە قەڵاچوالانەوە گوێزرایەوە بۆ سلێمانی کە نزیکەی ٦٠٠٠ کتێبی لە خۆ گرتبوو، کەواتە ئەم شارە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی سیاسی ورۆشنبیری دروست بووە، چونکە میرنشین پێویستی بە زمانحاڵێک بووە کە تەعبیر لە ڕەوتی سیاسی میرنشین بکات، بۆیە هەر لە سەرەتادا گرنگی بە خوێندن و لایەنی ڕۆشنبیر وشیعر و شاعیران و زمانی یەکگرتوو درا، کە هەتا ئێستاش ئێمە بەردەوامی ئەو زمانەین و لە پێناوی پاراستنی زمانی میرنشیندا هەوڵ دراوە، تا لە ئەنجامدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا،لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەپێی یاسای ژمارە ١٤٣ی خوێندنی باڵا لە شاری سلێمانی زانکۆ دامەزرا و هەر بە ناوی شاری سلێمانییەوە ناونرا زانکۆی سلێمانی.

شاری سلێمانی لەپاش ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ەوە فراوانبوون و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و ئێستا وەک یەکێک لە شارە هێمن و خاوێنەکان  باشووری کوردستان بەناوبانگە. بەو هۆیەوە لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکە باشووری کوردستان  و بەشەکانی دیکەی کوردستان و عێراقیشەوە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردووە و بووە بە پەناگەی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە خوارووی عێراق و ناوچەکانی ناوەڕاستەوە ڕوو دەکەنە ئەو شارە.

ئەم شارە لە ڕێرەوی دامەزراندن و پەرەسەندن و پێداچەسپاندنی خۆیدا لە کۆڕی شارستانێتی و پێشڕەویدا کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەر و شاعیری باشی بۆ مێژوو هێشتوتەوە. لەوانە (نالی، مەحوی، پیرەمێرد، گۆران، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سالم، کوردی، ئەمین زەکی بەگ، فایەق بێکەس، زێوەر، تۆفیق وەهبی، وەلی دێوانە، کاک ئەحمەدی شێخ.. هتد) و سەدان نووسەر و شاعیری تریش.

## زانکۆی سلێمانی



سلێمانی زانکۆیەکی گەورەی هەیە کە بە زانکۆی سلێمانی ناسراوە. زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا.

زانکۆی سلێمانی، چالاک و دەوڵەمەند لە هەموو بوارە جیاوازەکانی زانست و مرۆڤایەتیدا کە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی بەش و مامۆستا و خوێندکاری زیاتر لەخۆ دەگرێت یەکێکە لە گەورەترین زانکۆکانی کوردستان و ساڵانە ٤٠٠٠ - ٥٠٠٠ خوێندکاری نوێ وەردەگێت، بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و مامۆستایان و خوێندکاران زانکۆی سلێمانی نەوەی نوێی خستۆتەوە و چەندین زانکۆی تری لە کوردستان لێکەوتۆتەوە و هەموو سوچێکی ئەم کوردستانەی بە مەشخەڵی زانست و ڕووناکبیری ڕۆشن کردۆتەوە و ئەم زانکۆیەش ئێستا لە ٢٥ کۆلێژ پێکهاتووە نزیکەی ١٤٠٠٠ خوێندکار تێیدا دەخوێنن، جگە لە نزیکەی ٧٠٠ خویندکاری خوێندنی باڵا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەسەندن و پێشکەوتندایە.

## بەنداوی دووکان



بەنداوی دووکان یەکێکە لە بەنداوە گەورەکان، ئەم بەنداوە٦٠ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانی و نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لەشاری کەرکووکەوە دوورە.

بەردی بناغەی ئەم بەنداوە لە ساڵی ١٩٥٤ لە لایەن مەلیکی عیراق مەلیک فەیسەڵەوە دانرا، لە بناغەی ئەم بەنداوەدا مەلیک فەیسەڵ فلسێکی عێراقی دانا وەک هێمایەک بۆ ئەو سەردەمە کە بچووکترین دراوی ئەوسەردەمە بوو، ئەم بەنداوە لە ساڵی ١٩٥٤ دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٥٩ تەواو بوو کە لەلایەن کۆمپانیای دۆمیز بالوتی فەرەنسییەوە ئەنجام درا بە سەرپەرشتی هەردوو کۆمپانیای بنی دیکن و کۆرلی. ئەم بەنداوە بری ١٤ ملیۆن دیناری ئەو سەردەمەی تێ چوو لە کاتێکا کە ڕۆژانەی کرێکارێکی ئەو سەردەمە ٢٥ فلس بوو.



هاوینەهەوارەکان:

سەرچنار:

سەرچنار یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شار. جاران بەهۆی لاوازی کەرەسەی هاتوچۆوە و، کەمی دانیشتووانی شار، سەرچنار جیابوو لە بەشەکانی تری سلێمانی و دەزانرا لەکوێوە بۆ کوێ دەستپێک و کۆتاییەتی، ئەمڕۆکە سەرچنار تێکەڵ بووە و لەدەوریا چەندین گەڕەکی تر دروست بوون وەک: شەهیدانی سەرچنار، گردی سەرچنار، .. هتد.

هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا، سەرتەکی بەمۆ، کونەماسی، ئەزمڕ و قەرەداغ و چەندین هاوینەهەواری دڵرفێنی دیکەن.

بابانییەکان و سلێمانی

بەر لەوەی بنەماڵەی بابانییەکان بیر لە دروستکردنی شاری سلێمانی بکەنەوە، میرنشینەکەیان لە ناوچەی قەڵاچوالان بوو، لەگەڵ بەرفراوان بوونی میرنشینەکە، جموجوڵی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی شارستانی لە ناوچەکەدا دەستی پێکرد، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی باباندا ململانێ و توندوتیژیی لە نێوان فارسەکان و عوسمانییەکاندا هەبوو، شوێنی جوگرافیای قەڵاچوالانیش لەبەر نزیکی لە سنووری ئێرانەوە، شوێنێک بوو ببوە مەترسی شەڕ و پێکدادانی نێوان لەشکری فارس و عوسمانییەکان بۆیە هەریەکە لە (نادر شا و سوڵتان مەحمودی یەکەم) لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئیمارەتی بابان بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، کێشمەکێشی ناوخۆیش لە نێو بنەماڵەی بابانییەکان و ئیمارەتە کوردییەکاندا بۆ کورسی و دەسەڵات ئەوەندەی دیکە مەترسی لەسەر ناوچەکە دروست کردبوو، ئەمەش وای کرد مەحمود پاشای بابان ساڵی (١٧٨١)ی زایینی بیری لەوە کردەوە ناوەندی بەڕێوەبردنی سیاسی لە قەڵاچوالانەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆیە سەرای حکومەتی لە نزیک گوندی مەڵکەندی دروستکرد، دواتر ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی (١٧٨٣)دا فەرمانڕەوایی ئیمارەتەکەی گرتە ئەستۆ و دەستیکرد بە دروستکردنی شاری سلێمانی تا لە ساڵی (١٧٨٤)دا لە دروستکردنی شاری سلێمانی کۆتایی هات، لە هەمان ساڵدا بابانییەکان پایتەختی ئیمارەتەکەیان گواستەوە سلێمانی.

لە ساڵنامەی (١٩٥٥)ی سلێمانیدا کە لە (ڕۆژنامەی ژین) دا بڵاوکراوەتەوە هاتووە: ئیبراهیم پاشای بابان خۆی حوکمداری شاری قەڵاچوالان بووە، لەبەر ناخۆشی و تەنگیی شوێنەکە و لە ترسی هێرشی دوژمن بەتایبەتی لە نادر شای حوکمداری ئێران کە گەلێ جار ویستویەتی هەڵمەت بەرێتە سەری

دەستبەسەری بکات، بە ناچاری شار و شوێنی هەڵسوڕانی کاروباری وڵاتەکەی گواستەوە ئەم شوێنە کە ئێستا شاری سلێمانییە.

## بەردەرکی سەرا

میرەکانی بابان لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانی جێگەیەکیان تەرخان کردووە بۆ بارەگای بەڕێوەبردنی دەسەلاتەکەیان ناسراوە بە سەرا. پێدەچێت بیرکردنەوە لە دروستکردنی ئەم سەرایە لە ئەنجامی ئەوەوە هاتبێت دوای دامەزراندنی حکومەتی دەوڵەتی مەلیکنشینی بۆ پێگەی ئیدارەی فەرمانگەکانی لیوای سلێمانی ئەو کاتە ئامادەکرابێت. ئەم سەرایە لە ساڵی ١٩٢٦–١٩٢٨ لەناو سەنتەری شاری سلێمانی دروستکراوە کە پێکهاتووە لە دوو نهۆم و ٤٣ ژوور، چەندین جار کاری چاکسازیی تیادا کراوە بۆ سوودوەرگرتن لە نیشتەجێبوون و بەڕێوبەرایەتیی فەرمانگەکانی شار. پاشان تەرخان کراوە بۆ پێگەی ئیداریی پۆلیس و قایمقامیەت ئێستا لەلایەن پارێزگای سلێمانی و بەڕێوبەرایەتیی شوێنەواری سلێمانی بۆ گەڕانەوەی شێوازە ڕەسەنەکەی نۆژەن کراوەتەوە بۆ مۆزەخانەیەکی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی شاری سلێمانی و شانازییەکانی ڕابردووی ئەم شارەی تێدا دەپارێزێت.

## جوگرافیا




شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٣٤ – ٣٦) پلە لەسەر هێڵی کەمەر و هێڵی درێژی (٤٥ – ٤٦) پلە لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینویجی گۆی زەوییەوە، واتە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشوورەوە. سلێمانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە شاخی ئەزمڕ (١٧٠٠م)، گۆیژە (١٥٢٥م) و قەیوان دەورە دراوە، لە باشووریشەوە بە چیای بەرانان (١٣٧٣م) و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەشتی شارەزوور دەستپێدەکات کە درێژییەکەی ٤٥کم و پانییەکەی ١٥کم. لە ڕۆژئاواشەوە شاخی تاسڵوجە گەمارۆی داوە. شاری سلێمانی ٨٥٣م لە ئاستی ڕووی دەریاو بەرزە و ئاوو هەواکەی بە دەریای ناوەڕاستەوە کاریگەرە و لە زستاندا سارد و باراناوییە و هاوینیشی وشک و گەرم و بێبارانە، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان پلەکانی گەرمای شەو ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵیدا بەدی دەکرێت.

## ئاو و هەوا



سلێمانی لە وەرزی بەهاردا

ئاو و هەوای ناوچەی سلێمانی بە زۆری لە ئاو و هەوای ناوچەی دەریای ناوەڕاست ئەچێت تەنیا ناوچەکانی چەمچەماڵ و دەشتی کەلاریان لێدەرچێت. پلەی گەرمای هاوین ئەگاتە (٣٩) پلەی سەدی و ئەگەر بەرەو خۆراوا ببیتەوە تا (٢٤)نزم ئەبێتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی گشتییە بەڵام هەندێک ساڵ بەرزترین پلەی گەرما لە هاوین دا سنووری (٤٥) پلەی سەدیش ئەبەزێنێت. بای لە هەر چوارلاوە بۆ دێت. جاران لە دوانزە مانگی ساڵدا هەشت مانگ بارانی تیا دەباری بەڵام ئێستا وەک بەشێک لە دیاردەی گەرم بوونی زەوی ماوە و ڕێژەی باران بارینی تیا کەم بۆتەوە. تێکڕای گشتی باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان (٤٠٠-ـ٦٠٠ملم). بێگومان لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانیدا ئەگاتە ١٠٠٠ ملم و هەندێکجار زیاتریش.

شاری سلێمانی ٨٥٣م لە دەریاو بەرزە. هەر لە ناو شاری سلێمانی دا بەرزی و نزمی و گردۆڵکەی زۆر هەن (هەوارە بەرزە، گردی عەلی ناجی گردی گەڕەکی ئەندازیاران، گردی سەرچنار و گردەکانی تر) ئەمانە بە شوێنی بەرز دائەنرێن بەڵام سلێمانی کۆن وەک دەگەرزێن و چوارباخ و کانێسکان و سەرچنار و سەرشەقام تا بەرەو خوارە بێتەوە هەر دوو چەمی تانجەرۆ و قلیاسان نموونەی ناوچە نزمەکانی سلێمانین. جیاوازی نێوان لوتکەی گۆیژە و دەوروبەری چەمی قلیاسان ٨٧٨م ئەبێت. واتە گۆیژە نزیکەی ١کم لە باشووری سلێمانییەوە بەرزترە کە ئەمە جیاوازییەکی زۆرە و گەلێک کار ئەکاتە سەر ئاو و هەوا و پەیدابوونی ڕەشەبا. ئاو و هەوای شاری سلێمانی پلەی گەرما لە هاوینی ١٨٢٠دا وەک گەشتیاری بەناوبانگ (میستەر ڕیچ) لە دوای نیوەڕۆدا گرتویەتی لە ڕۆژی ١٧ی تەموزدا (٣٥) پلەی سەدی بووە، بێگومان ئێستا ئاو و هەواکەی گەرمترە و خۆی ئەدا لە ٤٥ پلەی سەدی. لە زستاندا لە بەکرەجۆی نزیک سلێمانی تێکڕا (٣، ٥) پلەی سەدییە. بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان بە تایبەت دوای بەفربارین و لە چلەی زستان دا چەند پلەیەک دێتە ژێر سفرەوە.

تەوژمی پاڵەپەستۆی هەوا و پلەی گەرما پێچەوانەی یەکترن. واتە هەتا پلەی گەرمی بەرزتر بێتەوە (با) یاخود (هەوا) ئەکشێ و بۆشایی تیا پەیدا ئەبێت و قورسای کەم ئەبێتەوە، بەوە تەوژمەکە کەم ئەبێتەوە بۆیە گەرما کاریگەرترین شتە لەسەر پاڵە پەستۆی هەوا هەر ئەمەشە وای کردوە سلێمانی بە شاری ڕەشەبا بناسرێت. هەوای سلێمانی (شێدار) نییە چونکە دوورە لەدەریاوە.

## بازاڕ و قەیسەرییەکانی شار

هەندێ کار و پیشە وەک ئاسنگەری، جۆلایی، موتابچییەتی، چەرخی موو ڕستن، خەرەک، کارگەچێتی، وەتراقچی، چەخماخسازی، شیرگەری، مسگەری، خومچێتی، زین و کۆپان هەیە کە هەر لە زووەوە لە شاری سلێمانیدا کراوە و گرنگیان پێ دراوە.

لە دروستبوونی سلێمانییەوە بەردەرکی سەرا و دەوروبەری ناوەندی شاری سلێمانی بووە، بۆیە دوکان و بازاڕ زیاتر ئەو ناوەی گرتۆتەوە مێجەرسۆن لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٠٨ باسی خانی عەجەم و خانی غەفوور ئاغا و قەیسەری وەسمان پاشا و قەیسەری نەقیب ئەکات، واتە لە پێش هاتنی مێجەرسۆنەوە ئەم خان و قەیسەرییانە لە سلێمانی هەبوون، ئێستا تەنیا قەیسەری نەقیب وەک خۆی ماوە بەڵام خان و قەیسەرییەکانی تر نەماون و شوێنەکانیان ئێستا دوکان و بازاڕە، لە دوای ئەمانەوە کە سلێمانی فراوان بووە و شەقامی تیا دروستکراوە لە سەر شەقامە سەرەکییەکان و سەنتەری شار و گەڕەکەکاندا بە سەدەها دوکان و بازاڕی تیادا دروستکراوە. خان و قەیسەرییەکانی سلێمانی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا ئەمانە بوون.

| ناوی شوێن | زانیاری |
|---|---|
| قەیسەری وەسمان پاشا | وەسمان پاشای کوری حەمە پاشای جاف دروستی کردووە و لە ساڵی ١٩٧٤ دا سووتاوە و ئێستا جێگاکەی بازاڕێکی گەورەی لێ دروستکراوە. |
| قەیسەری نەقیب | شێخ مستەفای نەقیب کورەزای کاک ئەحمەدی شێخ دروستی کردووە و تا ئێستاش ماوە. |
| قەیسەری شێخ مەحمود | لە ساڵی ١٩٦٦ دروستکراوە لە شوێنی مەیدانی برنجەکە بەرامبەر حەمامی سوورەت، ئێستا شوێنەواری نەماوە. |
| قەیسەری غەفوور ئاغا | لای مەزادخانەکەوە بووە، ڕووخاوە و ئێستا شوێنەکەی دوکان و بازاڕە. |
| خانی غەفوورئاغا | شوێنەکەی ئێستا کراوەتە بازاڕی مەحوی بەرامبەر خانەقای مەحوی. |
| خانی عەجەم | لە نزیک مەزادخانەکەوە بووە لە ناوبازاڕ و ئێستا شوێنەکەی کراوە بە دوکان و بازاڕە. |
| خانی عەبدوڵڵا درێژ | عەبدوڵڵا درێژ |
| خانی حاجی سەعید ئاغا | خۆی دروستی کردووە و موڵکی خۆی و دوو برایەتی. |
| خانە سووتاو | قادری کەریم دایەن دروستی کردووە و ئێستا بازاڕێکی گەورەی لە شوێندا کراوە بە ناوی بازاڕی خانەقا (بازاڕی جگەرە) و. |
| خانی ڕسوومات | موڵکی حەمەئاغای برای حاجی سەعید ئاغا بووە. |

## چایخانەی شەعب

چایخانەی شەعب هەر لە سەرەتاوە مەڵبەندی کۆبونەوە و حەوانەوەی خوێندەواران و هونەرمەندان و نووسەران بووە. سەرەتای دروستبوونی چایخانەی شەعب ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا و وەستا شەریفی چایچی سەرپەرشتی کردووە. عومەر شەریف خاوەنی چایخانەی شەعب لە بارەی سەرەتای دروستبوونی چایخانەی شەعبەوە بەم جۆرە دوا: لە سەرەتادا وەستا شەریفی باوکم چایچی دەسگێر بووە پاشان بیری لە دانانی چایخانەیەک کردووە و ناوی ناوە چایخانەی شەعب سەبارەت بەوەی کە بۆ چایخانەکە ناوی شەعبی لێنراوە وەستا عومەر وتی: لە ساڵانی زوودا بیناکە ئوتێلێک بووە ناوی شەعب بووە هەر بۆیە ئەم ناوەش لە چایخانەکە نرا.

لە سەرەتادا چایخانەی شەعب بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە و وەها گەورە نەبووە شوێنی کتێبخانەکەی ئێستا چایخانە بووە و حەوشەکەشی شوێنی خواردەمەنی بووە کە خاوەنەکی ناوی وەستا نەزەر بووە. دواتر لە ساڵانی شەستەکاندا و پاش کۆچی دوایی وەستا نەزەر حەوشەکە ئەبێتە شوێنی ئەرز و حاڵچییەکان. دواتر لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا چایخانەکە تەشەنەی سەندوەو گەورە کراوە.. وە لەو کاتەوە تا ئێستا دوو جار چایخانەکە نۆژەن کراوەتەوە جاری یەکەم لەسەر ئەرکی خۆمان و دوا جاریش ساڵی ۲۰۰٦ بووە لەسەر دەستی حکوومەتی هەرێم کە ئەو کات عومەر فەتاح سەرۆکی حکوومەت بووە.
سەبارەت بەوەی کە لە سەرەتادا کێ سەردانی چایخانەکەی کردووە کاک عومەر وتی: کۆمەڵێک کەسی ناودار سەردانی چایخانەیەکەیان کردووە هەندێک لەوانە کە پێک هاتبوون لە شاعیر و هونەرمەندان و نووسەران سەردانی چایخانەکەیان کردووە وەک شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد هەردی و حەمە ساڵح دیلانی شاعیر و عەبدوڵڵا جەوهەر و مامۆستا ئەخۆل و گەلێکی تر سەردانی چایخانەکەیان کردووە. لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دا چەند جارێک چایخانەی شەعب کەوتووەتە بەر هێرشی ملازم موحسین و ئیهانەی بە نوسەران و ئەو گەنجانە کردووە کە لە چایخانەکەدا دانیشتوون و کۆبونەتەوە.

یەکێک لە شتە سەرنج ڕاکێشەکانی تری ئەم چایخانەیە (دەفتەری بیرەوەرییەکان)ە، کە بیرەوەری ئەو نووسەر و هونەرمەندانە دەگێڕێتەوە کە سەردانی چایخانەکەیان کردووە. لە لاپەڕەیەکی ئەو دەفتەرەدا مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەم شێوەیە باس لە چایخانەی شەعب دەکات: (من ئەم چایخانەیە وەک چیرۆکێک ئەبینم کە بەردەوام ژیانی ئەم شارەمان بۆ ئەگێڕێتەوە). وە شاعیری گەورەی عەرەب سەردانی چایخانەی شەعبی کردووە و لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا شیعرێکی بۆ چایخانەکە نووسیوە کە دەڵێ: (چایخانەی شەعب لە باڵاییدا بژی و شیعرێک دابهێنە، بکشێ و بەرینی زەوی زیاد بکە). وەک

کۆمەڵێک نووسەری بیانی سەردانی ئەم چایخانەیەیان کردوە وەک: هێنری دیلانی شاعیری فەڕەنسی و فازڵ سامر و عەلی حەسەن فواز و ئەردەشیری ڕۆستەمی و ڕۆبێرت کلایتەر.

کە دەچیتە ناو چایخانەکەوە چاوت بە کۆمەڵێکی زۆر لە وێنەی هەڵواسراو دەکەوێت کە پێک هاتوون لە وێنەی شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووس و سەرکردە و پێشمەرگە نەمرەکان. لە بارەی هەڵواسینی ئەم وێنانەوە بە چایخانەکەوە (عومەر شەریف)ی چایچی وتی: (هەڵواسینی ئەم وێنانە لای ئێمە وەک وەفا و خۆشەویستییەکە بۆ ئەوانەی جێ دەستیان لە بوارەکاندا دیارە و ماندوبوون).

ئێستا چایخانەکە کۆمەڵێکی زۆر لە گەنجان و ڕۆشنبیران ڕووی تێدەکەن و تێیدا بە یەکتر شاد ئەبنەوە و گفتوگۆ لە بارەی ئەدەبیات و هونەر و ڕۆژنامەوانییەوە دەکەن. یەکێکیان بۆبەسەربردنی کاتە و ئەوی دییان بۆ ئاگاداربوونەوە لەدنیای ڕۆژانەی کوردستان، بۆ شیکارکردنی ئەو دۆخەی کە پێیدا تێپەر دەبین، یان قسە و باسە لەسەر دنیای ئەدەب و فیکر. چایخانەی شەعب وەک فۆڕم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چایخانەکانی تردا نییە بەڵام ئەوەی کە جیاوازی پێ دەبەخشێ جۆری ئەو کەسانەن کە ڕووی لێدەکەن وەک ڕۆژنامەنوسان و هونەرمەندان و شاعیران. ئەوەی جێی سەرنجە لەم چایخانەیەدا ئەوەیە کە هەندێ جار ژنانیش ڕوو لە چایخانەکە دەکەن بەڵام بە شێوەیەکی کەم تەنها ئەوانە نەبێ کە لە ئەورووپاوە دەگەڕێنە یان ژنانی بیانی کە سەردانی سلێمانی دەکەن و دێنە چایخانەکە.

## سیتی سینەما

سیتی سینەما لە ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری سلێمانی درووستکرا کە تاکە سینەمای مۆدێرنە لە کوردستان و عێراقدا. لەم سینەمایە نوێترین فیلمەکانی جیهان پەخش دەکرێن کە ئەوانیش فیلمەکانی (بۆکس ئۆفیس)ن کە پێکدێن لە نوێترین ١٠ فیلمی هۆلیوود
سینەما بەزۆری تەلارێکە بۆ نمایشکردنی فیلمەکان. لە هەر سینەمایێک شوێنی دانیشتن بۆ بینەر یان ئامادەبووان هەیە. فیلمەکان لەڕێگای شاشەیەکەوە پەخشدەکرێت. یەکەم هۆڵی سینەمایی لە جیهان لە ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ١٨٩٦ لە شاری نیویۆرک لە ئەمریکا کرایەوە بەڵام کۆنترین هۆڵی سینەمایی مێژوو کە تاکوو ئێستا فیلمی تێدا پەخشبکرێت لە وڵاتی پۆڵەندایە کە ئەم هۆڵی سینەمایە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٧.

[مەنسوور تەها, 13-11-2021 17:46]

مۆزەخانەی سلێمانی

## مۆزەخانەی سلێمانی




مۆزەخانەی سلێمانی لە (١٤ی تەممووزی ١٩٦١) دامەزراوە سەرەتا لە خانوویەکی بچووکی گەڕەکی شۆڕشدا بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ گواسترایەوە بۆ ئەم بینایەی ئێستای. یەکەم بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سلێمانی خوالێخۆشبوو (ڕەفیق فەتحولا) بوو. مۆزەخانەی سلێمانی پارچە ئاسەواری سەردەمە جیاوازەکانی کوردستان و میسۆپۆتامیا لەخۆ دەگرێت.

## ڕامادا سلێمانی

ڕامادا سلێمانی ٨٤٠ هەمین هۆتێلی ئەو گروپەیە - کە چەندین بواری گەشتیاری لە خۆ دەگرێت - ٧١ یە هەروەها مەلەوانگە و فیتنێس و ساونا و ((VIP)) ژووری تێدایە کە ١٢ یان سویتن و یەکێکیشیان بۆ حەمام تورکی و ژووری هەڵم و ژووری سەهۆڵ و شێلان و کافێ و مینی باڕ و ڕیستۆرانت و پارکی ئۆتۆمیل لە خۆ دەگرێت.

## دارە سووتاوەکە



دارەسووتاوەکە بەو گۆڕەپانە دەوترێت کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری سلێمانی و لە سەرو مزگەوتی گەورەوە دەست پێدەکات تا شەقامی قەنات، جگە لەوەی شوێنی وەستانی پاسی چەند هێڵێکە لە شارەکەدا و چەندین پیشەوەری ئیشی دەست و کۆنەفرۆشی تێدا کۆبوەتەوە. لە سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفیددا و لە سەرەتای ساڵانی بیستەکاندا مەیدانی دارفرۆش وخەڵووزەکە  لە تەنیشت حەمامی "قشڵە لە بازاڕی (دەبۆکە)ی ئێستادا بوو.

دواتر بە بڕیارێکی ئەوکاتەی حکومەت لە ساڵی ١٩٦٥ ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا گوێزرایەوە بۆ نزیک ئاشەکەی کانێسکان،بەبیانووی ئەوەی کە بینا و بازاڕی نوێ لەناو جەرگەی شار دروست دەکرێ.

پێش مەیانی دارەکە ئەو دەشتە هەتا ساڵانی شەستەکانیش بە ناوی دەشتی (کولْک)بانگدەکرا،

بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە بۆ ئەو دەشتە بە دەشتی کۆلک بانگ دەکرا.

بەهۆی ئەوەی گەڕەکی کانێسکان یەکێک بوو لە گەڕەکە قەرەباڵخ و ڕۆشنبیر و دڵگیرەکانی ئەو کاتەی سلێمانی،وە پێگەکەی زۆر نزیک بوو لە مزگەوتی "گەورەی شاری سلێمانی"و هەروەها شوێنی و زێدی "کاک ئەحمەدی شێخ" و زۆر لە پیاوە ئاینپەروەرەکانی شار بوو.
لە دەورانی داگیرکاریەکانی عوسمانی هەر کارێکی خێر یان قوربانی کە دەکرا لەو دەشتەی کانێسکاندا دەکرا. بۆیە تورکە عوسمانییەکان ئەو دەشتەیان ناولێنابوو دەشتی کولْک.

تورکیەوە kürk کە وشەکە لە بنەچەدا"کورک"ە دواتر کراوتە "کولک" یان "کولْک" لە وشەی وەرگیراوە و وشەکە واتای مووی درێژ هەمان واتای "فەروە" و "پاڵتۆی فەروە"یان ساقۆی خوری،کە لە مووی درێژی ئەو ئاژەڵانەی کە دەکران بە قوربانی پاڵتۆی فەروە و خورییان دروست دەکرد بۆ سەربازەکانیان،چونکە سلێمانی ٨٥٣م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و ئاوو هەواکەی بە دەریای ناوەڕاستەوە کاریگەرە و لە زستاندا سارد و باراناوییە.بۆیە لە زستاندا دەبێت پۆشاک گەرم و گوڕ بپۆشرێت.

## شوێن و پێگەی دارە سووتاوەکە؟

دارەسوتاوەکەش بەو گۆڕەپان و مەیدانە گەورە و کۆنە دەوترێت کە دەکەوێتە باکووری گەڕەکی کانێسکانەوە،مێژووی ئەم دەشتە زۆر کۆنە بەیەکێک لە کۆنترین دەشتە پان و ڕێک و تەختەکانی مێژووی شار ئەژماردەکرێت.زۆر لە مێژوونوسە بیانیەکان باس لە دێرینی و مێژووی گرنگی ئەم ناوچەیە دەکەن.

## شوێن و پێگەی کانێسکان

دەکەوێتە بەشی ژووروی ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە،دارەسوتاوەکەش دەکەوێتە باکووری کانێسکان،

لە سەروو مزگەوتی گەورەوە دەست پێدەکات تا دەستپێکی شەقامی قەنات.

لەکۆندا دەشتێکی چۆڵ بوو و جگە لە ئاشێک و چەند دار و ودەوەنێک و کانیەک هیچی تری لێنەبوو،بەڵام دەشتێکی پان و پۆڕ و پڕ سەوزاویی بوو لە خەڵکی ئاژەڵیان تێدا دەلەوەڕاند و کاری ئاژەڵداریی و کوشتوکاڵیان تێدا دەکرد.

لەبەر جۆری گڵ و نەرمی خاک و ڕێک و پێکی و تەختی زەوییەکەی لە دەورانی داگیرکاری عوسمانی و ئینگلیزەدا،مەیدانی ئەسپسواری و جریدبازی و مەشقی سەربازی بوو.شوێن و پێگە و دەروازەی بەیەکگەیشتنی زۆر لەوەفدە دەرەکییەکان بوو.دەڵێن لە کۆندا هەر وەفدێکی دەرەکیی بهاتایە دەبوایە بەکانێسکاندا تێپەڕ ببوایە،کانێسکان گوزەری کاروان سەرا و قافڵەچیەکانی لەشکرە سەربازییەکانی دەورانی داگیرکاری عوسمانی و ئینگلیز و شێخ مەحمود نەمرەوە بوو.

لەبەر جوانی سروشت و سەوزایی و درەختە بەرز و سەرەنجڕاکێش و باڵندە دەنگ خۆش و ئاسکە سرک و ئاژەڵە کێوییەکانی لەزۆر نوسین و شیعر و داستانەکاندا ناوی هاتووە.

لە ساڵانی پەنجاکان چەند باخێک لەو شوێنە دروستکران.
بەڵام کانیەکانی دەروەبەری وشکی کرد،تەنها ئەو کانیەی کە بەناوی کانی ئاسکانەوە ناونراوە وەکو خۆی مایەوە و وشکی نەکرد،بۆیە زۆر هەوڵ و درا کە لەوکانیەی کانی ئاسکانەوە ئاو ڕاکێشن بۆ باخەکانی ئەو گوزەر و ناوچەیە،بەڵام کارێکی قورس بوو،چونکە پێگەی زەوی کەمێک لێژ بوو کاری زۆر دەویست و نەدەکرا.

هەر بۆیە ئاویان لە کارێزەکەی مەجیدبەگەوە بۆ ڕاکێشا کە ئەوە کارێکی ئاسان تر و خێراتر بوو و

لەبەر ئەوە لێژای و سەر بەرەوخوار بوو ئاو زوو دەگەیشتە دامێنی باخەکان وگوزەرەکە.

ئیتر لە ساڵی ١٩٦٥ز بەپێی بڕیاری حکومەتی ئەوکاتە مەیدانی دارەکانی قشڵە گوێزرایەوە نزیک ئاشەکەی کانێسکان،چەند دار فرۆشێک کە ئەوکات ژمارەیان ١٨ دارفرۆش و خەڵوزفرۆش بوو هاتنە مەیدان و گۆڕەپانەکە و کار و پشەیی کڕین و فرۆشتنیان دەکرد و کردیانە شوێنی بازرگانی کردن.دوای سوتانی دارەسوتاوەکان مەیدانی دارەسووتاوەکان گوێزرایەوە بۆ پارکی مەلیک مەحمود،نزیک دەباشان و چاڤیلاندی ئێستا.

## ناوی پێشتری "دارەسوتاوەکە"چی بوو؟

دارەسوتاوەکە پێیان دەوت دارەسووتاوەکان،پێشتریش پێیان دەوت "دەشتی کوڵک" یان دەشتەکەی کانێسکان. کە بوو بە مەیدانی کڕین وفرۆشتنی دار و خەڵووز.

پێیان دەوت "مەیانی دارەکانی کانێسکان" یان دەوترا "مەیدانی دارفرۆش و خەڵوزەکە"یان دەوترا "مەیانی دارەکە" یان مەیانی"دارە سپییەکان.

زۆر لە دار و خەڵوزەکان لە ناوچەکانی" شارباژێر "و "پێنجوێن" و "قەرەداخ" و" دوکان" و وە دەهاتن.

جۆری دارەکانیش زیاتر داری سپیدار و چنار بوون

واتا کڕین و فرۆشتن بەدار دەکرا،زۆربەی خەڵوز و دارەکان بەسەر پشتی ئەسپ و گوێدرێژەکان لەشارباژێڕەوە دەهێنرانە مەیدانەکە و نرخی هەر دارێک "١٠ "فلس بوو.

زۆربەی فرۆشیاران کوخێکی بچووکیان دروستکرد بوو لە شێوەی دوکانێکی بچووک،سێبەری دارەکان زۆر فێنک بوون، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا،مناڵانی ئەو گەڕەکە زۆربەی یاریی و ساتەزێرینەکانیان لەوێ بەسەر ئەبرد،لەبەر چڕ و پڕی دارەکان،یاری چاوشارکێیان لێدەکرد و خۆیان تیایدا ئەشاردەوە.دانانی دارەکان لەتەنیشت یەکەوە هەڵدەچنران زۆر سەخت و ترسناک بوون،لەشێوەی کۆڵانی تەنگەبەر و باریک باریک بەتەنیشت یەکەوە هەڵدەپەسێردران و ڕیز دەکران و ئامادە دەکران بۆ فرۆشتن.

بۆ پێی ئەوترێت دارە سوتاوەکە

شانە نهێنی و هێزە نهێنیەکانی شۆڕش ئەوکات هەموو شەوێک چالاکییەکی گەورە گەورەیان لە شاردا دەکرد و گورزی باشیان دەدا لە دامودەزگا و کەسە خوێنڕێژەکانی بەعس.

هەر کارێکی وچالاکییەک دەکرا زۆرجار بە نەهێنی خۆیان لەناو ئەو دارانە دەشاردەوە و بەئاسانی خۆیان قوتار دەکرد.زۆرجار چەک و تەقەمنییەکانی خۆیان لەوێدا دەشاردەوە،چونکە زۆر زۆر چڕ و پڕ بوو بە ئاسانی مرۆڤ لەوێدا ون دەبوو.

لەبەر ئەوەی مەیدانی دارەکە نزیک سەربازگەی حامیەی سلێمانی و دەزگای ئەمن بوو.پێشمەرگە زۆر بەئاسانی دەیتوانی چالاکی ئامانجەکانی خۆی زۆر بە ئاسانی بپێکێت.

ڕژێمی بەعسی زۆر دەترسا،هەر بۆیە ئەوکات چەند جارێک کاسبکارانی مەیانی دارەکەیان ئاگادار کردەوە،کە دەبێت بازاڕی کڕین و فرۆشتنی دارەکە دابخرێت یان بە زووترین کات بگوێزرێتەوە.بۆیە لەودەمەدا پێشمەرگە کەوتنە جموجۆڵ و دەست وەشاندن لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس و چەند چالاکییەکی زۆر گەورەی لەشاری سلێمانیدا ئەنجامدا و بە بێ زیانیش بۆی دەرچوون.

بۆیە ڕژێمی ئەوکاتەی بەعس لەڕێگای  چەند بەکرێگیراوێک لە  مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٧ز لە شەوی هەینیدا و لە وەرزی هاویندا بەسەرپەرشتی "قەوات خاصە" واتا هێزێکی تایبەت هەڵیانکوتایە سەر گەڕەکی کانێسکان بۆ لەناوبردن و سوتاندنی مەیانی دارەکان،بە چەند دەبەیەکی بەنزین و نەوت ئاگرییان بەردایە سەرجەم دارەکان و  هەموویان سوتان.چەند دەنگێک لەناو دارەکان دەبیستران کە دیار بوو چەک و تەقەمەنی پێشمەرگە بوو لەوێ شاردرابوونەوە.

زەرەر و زیانێکی زۆر بە کاسبکارانی ئەو مەیدانە کەوت،هەروەها زەرەرێکی گەورەش بە خانوەکانی دەوربەری کەوت و  هەموویان لە ترسان و ماڵیان بەجێهێشت و شتومەک و کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیان پێچیایەوە و بەشەوە دەربەدەر بوون.

زۆر لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە و ئەو شارە بەو شەوە هەوڵێکی زۆریاندا هەتا ئاگرەکە بیکوژێننەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیە نەتوانرا تەنانەت شتێکی بچووکیش بکرێت،ئەو دیمەنە بۆ خۆی مەنجەنیق و دۆزەخێک بوو بڵێسەی ئاگرەکە لە دوورترین شوێنی شارەکە دەبینرا.ئیتر خاکی مەیانی دارەکان بوون بە پارچەیە ڕەژوو و ڕەشایی.

ئیتر شوێنەکە بوو بە گەراجی هێڵی پاسی چەند گەڕەکێکی شار،بەڵام جارێکی تر بەهۆی شەڕی ئەوکاتەیدوو داگیرکەری  ئێران و عێراقەوە،تۆپێکی ئێران بەر ئەو شوێنە کەوتەوە و چەند شوفێرێک کوژران و زیانێکی تر بەو گوزەرە کەوتەوە.

بۆچی بەعس ئەو مەیدانی دارەکانی سوتان؟

دەوڵەتی داگیرکەری  عێراق  حیزبی بەعس بەبیانووی ئەوە ئاگری بەردایە ئەو مەیدان و گۆڕەپانە،کە گوایە جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێیە،پێشمەرگە ئەوێیان کردووە بە لانەی خۆ حەشاردان و خۆشاردنەوەی خۆیان و لەوێوە دەتوانن باشتر گورز لە حیزبی بەعس بدەن.چونکە مەیدانی دارەکە چواردەوری ناوەوەی بەدار تەنرابوو،زۆر چڕ و پڕ بوو،کون و کەلەبەری زۆر زۆری تێدا بوو بۆ خۆشاردنەوە و خۆی دەربازکردن،پێشمەرگەش ئەو شوێنەی کردبووە لانکەی چالاکی و خۆشاردنەوەی خۆی.

دواتر کرا بە شوێنی چەرخ و فەلەک و جۆلانەی جەژن و شوێنی یاریکردن.

"ئیتر هەتا کۆتایی هەشتاکان بە مەیدانی دارەکانیان ئەوت "دەشتە سوتاوەکە"یان  "دارە سوتاوەکە

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ناوی بەتەواوەتی گۆڕدرا بە "دارەسووتاوەکە". و هەتا ئێستاش هەر دارە سووتاوەکەیە.

لەناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا،دارە سوتاوەکە ببوو بەمەزادخانەیەکی گەورەی کۆنەفرۆشی و هەرزانفرۆشی، هەتا ئێستاش،دەوروبەریشی ببوو بەپیشەوەری دەستی و شوێنی پەنچەرچی و کاری فیتەری و بەرگدروو.

ناو مەیدانەکەشی ببوو بە شوێنی ڕاوەستانی پاسی چەند هێڵی گەڕەکەکانی شار.

هەرچەندە لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەک دار و خەڵوز لەو مەیدانەدا کڕین و فرۆشتنی پێناکرێت بەڵام هەر بەناوە کۆنەوە بانگ دەکرێت و تەنانەت لە پێشی پاسەکانیشدا نوسراوە دارە سووتاوەکە.

## مێژووی شوێنەکە

هاوڵاتیانی دێرینی شاری سلێمانی لە گێڕانەوەی مێژووی ئەو مەیدانەدا، باس لەوە دەکەن کە ئەو شوێنە دەشتایی بووە و لە ناوجەرگەی شارەوە دوور بووە و دواتر کراوەتە باخ و دوای ئەوە بوە بە مەیدانی فرۆشتنی دار. ئازاد محەممەد (٥٤ ساڵ)، دوکاندارێکی ناو دارە سووتاوەکەیە، باس لەوە دەکات کە تا سەرەتای ساڵی شەستەکان دارەسوتاوەکە (دەشت) بوە و هیچی تێدا نەبووە، دواتر پیاوێک ئەو شوێنەی کردوە بە باخ و لە کارێزی مەجیدبەگەوە ئاوی بۆ دەهێنا تا کۆتایی ساڵی شەستەکان کە باخەکە نەما و کۆمەڵێک دار فرۆش هاتنە جێگاکە. ئازاد وەک خۆی دەڵێت ماڵیان لەو ناوچەیە بوە و وتی: «دارەکان لە شارباژێڕەوە بەسەرپشتی ئاژەڵەوە دەهێنران و لە مەیدانەکە بەشێوەی مەزاد دەفرۆشران و هەر دارێکی بە ١٠ فلس مەزاد دەکرا.

## شاری ڕۆشنبیری

شاری سلێمانی بە ڕای زورێک لە خەڵکی کوردستان بە شاری ڕۆشنبیریی کوردستان دەناسرێت. ئەوان وا دەزانن کە ئەو بەرفراوانییەش بۆ دەوری بابان و دامەزراندنی شار و ماوەیەکیش لە ساڵانی دەوڵەتی داگیرکەر عوسمانی دەگەڕێتەوە، کە هەموو مەلا و زاناکان شاعیر و نووسەر بوون و ڕۆڵی مزگەوت و حوجرەش کەم نەبووە لەو بوارەدا، سێ کوچکەی بابان، نالی و سالم و کوردی قوتابخانەی شیعری بابان درووستدەکەن و ئەگەر ئەو قوتابخانەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گەلێک دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردیدا نەمابێت، ئەوا فۆرمی ئەدەبیاتی کوردی ئەمڕۆ ئەوا هەر بەرپێشچوونی فۆرمی ئەو ئەدەبیە، ئەو زارەی پێی دەنووسرێت هەر ئەو زارەیە، زۆربەی گەورەنووسەرانی ئەو

سەردەمە وەک: نالی، سالم، کوردی، مەولانا خالید، مەلا عەبدوڵڵای بێتوشی، شێخ مارفی نۆدێی، سەید ئەحمەدی نەقیب، شێخ حسێنی قازی، حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژە، محەممەد فەیزی زەهاوی، جەمیل سدقی زەهاوی، مەلا ساڵحی حەریق، ساڵح ئەفەندی ئاهی، تایەر بەگی جاف، وەلی دێوانە، عەلی بەردەشانی، زێوەر مەلا عەبدوڵڵا، ئەحمەد موختار جاف، مەلا عەزیزی موفتی، پیرەمێرد، بێخود، جەمال عیرفان و چەندین نووسەر و شاعیری دوای ساڵی پەنجاکان بوون بە بەشێکی گرینگ لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخ لە کوردستاندا. هەرچەند هەندێک لەمانە لە نێویەکدا بەهۆی تەسەوفەوە ناکۆکیان لە نێواندا هەبووە کە دیارترینیان شێخ مارفی نۆدێ کە بووە دوژمنی سەرسەختی مەولانا خالید. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ چەند هونەرمەندی بەناوبانگی تر لە سلێمانی هەڵکەوتن کە ڕۆڵیان بوە لە شەپۆلی نوێی ئەدەبی کوردیدا، لەوانە: مەریوان وریا قانع، بەختیار عەلی، بەرزان هەستیار، گۆران بابە عەلی، زمناکۆ بورهان قانع، محەممەد موکری، قوبادی جەلی زادە و چەند ناوێکی تر. ئەم بوارە بەرفراوانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت سلێمانی تێیدا پێشەنگە و هەمیشە ئەو نووسەر و شاعیرانە ڕۆڵی بەرچاویان لە بزوتنەوەی کوردایەتیشدا هەبووە و بوونەتە داینەمۆی شۆڕشەکان، یەکێکی تر لە ئەو شتانەی کە سلێمانی بە شاری ڕۆشنبیری ناساندوە ئەوەیە کە یەکەم چاپخانە کە لە کوردستان کەوتبێتەکار لە سلێمانی بوە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرچووبێت هەر لەسلێمانی بووە.

## میدیا و ڕۆژنامەگەری

لە سلێمانیدا دەیان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تێدایە و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری لێوە دەردەچێت و ژمارەیەکی زۆریش ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و سەتەلایتی تێدا پەخش دەکرێ، لەم شارەدا چەندین گرووپی شانۆ و مۆسیقا و نیگارکێش و هونەرمەندی شێوەکار هەیە و جگە لە زانکۆی ئەمریکی و زانکۆی سلێمانی چەند زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەی بیانی تێدایە. ئەم شارە پڕە لە هۆڵی چالاکی و بەردەوام بەرنامەی هەمەجۆری هونەری و ڕۆشنبیری تێدایە. چەندین گەڕیدەی بەریتانی و بیانی لە کتێب و بیرەوەرییەکانیاندا ئاماژەیان بە زیندوێتی ئەم شارەداوە و بە شاری جوانی و خۆشەویستی ناسراوە. لەم شارەدا ژنان ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەیە لە دام ودەزگا و دامەزراوەکاندا بە تایبەتی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئازادی ڕادەربڕین و زیندوێتی کاروجولە لەم شارەدا سیما و خەسڵەت و پێناسەی سلێمانییە. سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق بەهۆی شوێنی جوگرافییەوە، بەپاک و خاوێنترین شار ناسراوە.

# دانیشتووانی سلێمانی

میستەر ڕیچ کە ساڵی ١٨٢٠ هاتوتە سلێمانی واتا (٢٦)ساڵ پاش دروستکردنی شارەکە، ژمارەی دانیشتوانی بە دە هەزار کەس خەملاندوە دوای ئەوە ئەڵێت: سلێمانی (٢٠٠٠)ماڵی ئیسلام. (١٣٠) ماڵە جولەکە (٩) ماڵی دیانی کلدانی، ٥ماڵی ئەرمەنی تیا بووە، کۆی ماڵەکان ئەکاتە (٢١٤٤). ئەگەر هەرماڵێک بە پێنج کەس دابنێین ئەکاتە (١٠٧٢٠) کەس.

بە گوێرەی ساڵنامەی داگیەکرعوسمانی ساڵی ١٩٠٧ ژمارەی دانیشتوان (٨٠٢٧) موسڵمان و (٣٦٠) نا موسڵمان کە ئەکاتە (٨٩٦٣) کەس.

سەرچاوەکانی تر لە ساڵی ١٩١٣ دا ژمارەی دانیشتوانی هەموو ناوچەی سلێمانییان بە (٥١٦٠٠) کەس داناوە کە (٤٨٦٠٠) یان موسڵمان و (٩٠٠) یان دینەکانی کە و (٢١٠٠)یان جوولەکەن. ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانیان بە (٢٦٠٠٠) کەس داناوە، لە وانە (٢٤٨٢٥) کەس موسڵمان و (١٠٠٠) کەس جوولەکە و (١٧٥)دیان.

لە سەردەمی ئینگلیزدا بە گوێرەی ڕۆژنامە پێشکەوتن ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی ناوچەکە بە (٦٢٧٢٢)کەس دائەنێ. دانیشتوانی شاری سلێمانی بە دە هەزار کەس داناوە.

ساڵی ١٩٢٥ــ١٩٢٦ سلێمانی خۆی بریتی بووە لە ١٣ــ١٤ هەزار کەس. دوای ئەوە لە کاتی حوکمەتی عێراقدا و لە ساڵی ١٩٢٧ و سەرژمێری دەستی پێکرد: ١٩٢٧- ١٩٣٧- ١٩٤٧- ١٩٥٧- ١٩٦٥ - ١٩٧٦-١٩٨٨

ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٧ دا بە گوێرەی تۆماری ڕەسمی (٢٣٤٧٥) کەس بووە.

ساڵی ١٩٥٧ بریتی بووە لە (٤٨٨١٢) کەس.

دانیشتوان لە ساڵی ١٩٩٨

ساڵی ١٩٩٨ شاری سلێمانی بەگوێرەی ساڵنامەی ئەو ساڵە بەم جۆرە بووە:

ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی خۆی: (٧٤٧، ٥٤٨) کەس.

ژمارەی دانیشتوانی سنووری پارێزگای سلێمانی: (١، ١٢٧، ٢٢٦) کەس.
ژمارەی خێزان لە ناو شاردا: (١١٠، ٣٦٠)خێزان.

ژمارەی خێزان لە سنووری پارێزگای سلێمانی: (٢١٧، ٢٢٠) خێزان.

ژمارەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی: (٥٨)

لە دوایین ئاماردا ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بە (١، ٩١٧، ٩٣٦) کەس مەزەندە کراوە.

## شوێنە گەشتیارییەکان

### سەیرانگای سەرچنار

سەرچنار یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شار. جاران بەهۆی لاوازی کەرەسەی هاتوچۆوە و کەمی دانیشتوانی شار، سەرچنار جیابوو لە بەشەکانی تری سلێمانی و دەزانرا لەکوێوە بۆ کوێ دەستپێک و کۆتاییەتی، ئەمڕۆکە سەرچنار تێکەڵ بووە و لەدەوریا چەندین گەڕەکی تر دروست بوون وەک: شەهیدانی سەرچنار، گردی سەرچنار،.. هتد. و هەروەها سەرچنار بەیەکێک لە هاوینەهەوارەکانی عێراق دەژمێردرێت بەهۆی بوونی ئاوی هەڵقوڵاوی ژێر گرد و بەرزاییەکانی. زۆر لە مێژە سەرچنار ئوتێل و شوێنی حەوانەوەی لێدروست کراوە بۆ گەشتیاران. شوێنێکی فێنک و خەم ڕەوێن بووە بۆ خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری، کە تاکوو ئەمڕۆش کۆتایی هەفتان خەڵکانێکی زۆر ڕووی لێدەکەن بۆ سەیران. سەرچنار چەندجارێک نۆژەنکراوەتەوە و سیمای ناو سەیرانگاکانی دەستکاریی کراون و خۆشکراوە.

### هاوینە هەواری دوکان

بەنداوی دوکان لە خۆر ئاوای شاری سلێمانی بە دووری [٧٠] کم و لەسەر زێی بچووک دروست کراوە، کە بریتی یە لە دەریاچەیەکی مەزن و بڕی [٦,٨ ملیارد م٣] ئاو گل دەداتەوە، ئەم دەریاچەیە بۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری سەرنج ڕاکێش و گەشتیاران لە زۆر ناوچەوە ڕووی تێ دەکەن، ئۆتێلێکی گەورەی بە ناوی [میراڵ] و کۆمەڵێک کابینەی جۆراو جۆری لێ بنیاد نراوە، گەشتیاران لە هەر چوار وەرزی ساڵ گەشتی بۆ دەکەن.

## باخ و پارکەکانی شار

### باخی گشتی

باخچەی گشتی لە کۆندا نەبووە. تا سەردەمی ئەحمەد پاشای بابان کە حاکمی سلێمانی بووە چوار باخی دروستکرد، ئێستا ئەو چوارباخە بوون بە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی. جا لەبەر ئەوەی ئاوی سلێمانی زۆر بووە و پڕ بووە لە کانی و کارێز جگە لە ئاوی شیوەکان و زێرابەکان کە بەرەو خوار بوونەتەوە، ئەمانە هەموو سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ باخ دروستکردن.

ئەمانەش ناوی ئەو باخانەن کە هەبوون و ئەوانی تریش ئەوانەن کە لەم دواییەدا دروستکران:
باخی پورە بەگ: لە گەڕەکی گۆیژە نزیک سابونکەران و ژوور مزگەوتی هەمزاغا، ماڵی شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد لەوێدابوو.

تووی مەلیک: لە باکووری شاری سلێمانی، لە ساڵەکانی سی و چلی سەدەی ڕابردوو (حەوزێکی گەورە) ی هەبوو لە بەهارا پڕ ئەبوو لە ئاو، لەوەو پێش دار و درەختی لە بەرابوو، خەڵک لە بەهارا ئەچوونە ئەوێ بۆ سەیران. ئەم ناوچەیە موڵکی شێخان بوو. لە کاتێکدا دروستکرا کە شێخ مەحمود حوکمدار بوو، بۆیە ناونرا تووی مەلیک.

باخی شێخ لەتیف (شێخ لەتیفی دانساز) لە لای ماڵەکەی خۆیانا لە گەڕەکی دەرگەزێن، پڕبوو لە داری بەردار و حەوزێک بە فوارەوە لە ناوەڕاستیا ئێستاش هەندێ شوێنی ماوە بە باریکی درەختی سێو و هەڵوژە و هەرمێ و هەنار و قۆخ و گێلاس و بەهێ و هەنجیری تیا بوو.

باخی فەرەجی حەمە مراد لە دەرگەزێن نزیک بە کارێزی دایکی پاشا دە دۆنم زەوی بوو. بە موڵک هی (عەزمی بەگی بابان) بوو، لە هاوینا تەنیا ئەو باخە هەبوو کە بە تەنیشت ماڵی عەزمی بەگ خۆیەوە بوو، خەڵکی شار پۆل پۆل بۆی ئەهاتن. ئێستا شوێنەکەی قوتابخانەو خانووە.

باخی مەجید بەگ: لە باکوری شاری سلێمانی. شوێنی بینای زانکۆی سلێمانی و نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و گشتیـیە.

باخی کانی دۆمان لە خوار گەڕەکی سەرشەقامەوە بوو.

باخی گەورە و بۆگەنە: ئەمیش هەر موڵکی (عەزمی بەگی بابان) بوو لە خوار شاری سلێمانییەوە.

باخچەی گشتی:



لە ڕاستیدا هەر ئەم شوێنە بوو کە بە تەواوی پێی بوترێ (باخچە). ئەکەوێتە ڕۆژ ئاوای سلێمانی نزیک (سەنتەری پارێزگای سلێمانی). یەکەم باخچەی میرییە و کاتێک کە مەجید یەعقوبی لە ساڵەکانی (١٩٣٧–١٩٣٩) موتەسەریفی سلێمانی بوو دروستی کرد کە ئەوسا ئەوپەری شار بوو، واتا هیچ خانوو بینا لەو لایەوە نەبوو بێگومان ئەم باخچەیە بۆ ڕازاندنەوەی شارەکە و گەشت و جوانی سەردانی ژن و پیاو ڕۆژانی (چوارشەممە تایبەت بوو بۆ ژنان) بە عەبا و پەچەوە ئەهاتن بەداخەوە بەهۆی نالەباری ئاسایشەوە زۆر دەستکاری کراو زۆری لێ کەمکرایەوە و دارەکانی ئەبڕران، بەڵام ئێستا گەشاوەتەوە.

شارەوانی سلێمانی لەم ساڵانەی دواییەدا فەرمانگەی باخچەکانی بەتایبەت پێک هێنا بۆ دروستکردنی باخچە لە ناوشارا. ئەو فەرمانگەیەش ژمارەیەکی زۆری باخچەی دروست کردوە سەرپەرشتیان ئەکات لە ژوور هەموویانەوە پارکی ئازادی کە لەوەو پێش لەشکرگای حوکمەت بوو (حامییە) بوو. ئەکەوێتە بەشی ژووروی شار. ژمارەیەکی زۆری تر باخچەی بچووک هەن لە ناو شارەکە کە هەموو ڕازاوە و جوان و ڕێک و پێکن هەندێکیان بە ناوی ئەو کەسانەی بیانی و خۆییەوە ناونراونکە خزمەتیان پێشکەش کردووە. وەک (باخچەی ئۆلف پالما) سەرەک وەزیرانی سوید کە بەدەستی ناحەز شەهید کرا و باخچەی جەواهری کە بە ناوی شاعیری گەورەی عەرەب محەممەد مەهدی ئەلجەواهیری دۆستی دێرینی کورد و باخچەی فەرەیدون علی ئەمین و گەلێکی تر.

فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی سلێمانی



فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی دەکەوێتە بەکرەجۆ بەدووری ١٥ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانی، فڕۆکەخانەکە لەساڵی ٢٠٠٣ بەردی بناغەی بۆ دانراو و لەساڵی ٢٠٠٥ بەتەواوی بەکار خرا.

کاناڵی تلگرامی بەشی کوردستان ناسی ٢٠٢١/١١/١٣ مەنسوور تەها

@mansourtaha